

# چۆن چارەسەری ناخۆشی بۆنی دەمت دەکەیت

بۆ ئەوەی وەك خانمێکی جوان و ناسك دەربکەویت، لەگەڵ ئەوەی ئەو سیفاتە ناسکانەت پێوە دیار بێت کاتێك بەرچاو دەبیت، هۆکارێکی گرنگ هەیە کە کاریگەری دەکاتە سەر جوانی کەسایەتیت. ئەمەش (بۆنی دەم)ە! لە کاتێکدا دەبێت بۆنی دەمت خۆش بێت بۆ ئەوەی لێ دوو دڵ نەبیت..

بۆنی دەم دروست دەبێت کە خواردنی بچووك لە ژێر ددانەکانەوە دەمێنێت و بە ڕێگەی شووتن لاناچێت و دەمێنێت. بۆیە دەتوانیت لەم ڕێگەیەوە چارەسەری بۆنی ناخۆشی دەمت بکەیت کە ڕێگەیەکی سادە و ئاسانە :

- هەندێك خوێ بهێنە بە بڕی دوو کەوچی چای (خوێ).
- گلاسێك ئاو، ئاوێکی پاك بێت..
- خوێ و ئاوەکە تێکەڵ بکە تاوەکو دەبێتە (خوێاو)..
- دوای ئەوەی کە ددانت دەشۆیت ئەم ئاوە لە دەمت وەربدە و بۆ ماوەی (٢٥) چرکە لە دەمت بیهێڵەوە..
- ئەم هەنگاوە دووبارە بکەرەوە بۆ هەفتەی جارێك و بزانە چ ئەنجامێکی گەورەی دەبێت بۆ ئەوەی هەردەم بۆنی دەمت خۆش بێت.

## گرنگی و پێداویستیەکانی گەرماو لە ماڵ



دیکۆری ماڵەکەت هەرچەندە جوان بێت هەر کەمە، بۆیە تا دواترین هەنگاوی هەوڵدان بۆ جوانکردنی ماڵ یان هەر شوێنێك لە ماڵەکەت دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی لە مۆدە و جوانکاریەوە نزیك بیت. گشت شوێنێکی ماڵ پێویستی بە گرینگیدانە و هەر شوێنێك بە شێواز و جۆری خۆی مامەڵەی دەوێت.یەکێك لەم لایەنە گرنگانەی مالەکەت بریتیە لە ژووری گەرماو، ئەمەش گرنگترین هەنگاوی دەوێت بۆ ئەوەی بە هەستێکی خۆشەوە مرۆڤ تیایدا خۆی بشوات، چونکە هەر کەمو کورتیەکی ژووری گەرماو دەبێتە هۆی ناشایستە بوونی شوێنەکە و، هەروەها جوانی



پێوە دیار دەبێت. ژووری گەرماو لەگەڵ ئەوەی دەبێت بەوپەڕی پاك و خاوێنییەوە بێت دەبێت بەم شێوەیە دیکۆرێکی تایبەتی هەبێت، هەروەها شتێکی گرنگی دیکەش لە گەرماو بەدی دەکرێت ئەویش (ڕووناکی ژووری گەرماو)ە، ئەمە یەکێکە لەم لایەنە گرنگانەی کەدەبێتە هۆکارێك بۆ دەرخستنی ئەم ژوورە، لەگەڵ گرنگیدان بە پێداویستیەکانی ژوورەکە لە کەرستە گەورەکان تاوەکو بچووکترین شت. ژووری گەرماو پێویستی بە پاککردنەوەی ڕۆژانە هەیە بۆ ئەوەی جوانییەکی تایبەتی هەبێت. لەم ڕێگەیەوە ئاگاداری گەرماوی ماڵەکەت ببە و مەهێڵە ناشیاو بێت.



# چۆنیەتی هەڵگرتن و لەباوش كردنی منداڵ






كاتێك منداڵەكەت پێویستی بەوەیە كە لە باوشت بێت دەبێت چ جۆرە ڕێگەیەك بەكاربهێنیت بۆ ئەوەی منداڵەكە لە باوشت بحەسێتەوە، یان چۆنیەتی منداڵ هەڵگرتن ئەمەش بەهۆی دەستەوە دەبێت كە بە شێوازێك منداڵەكە لەسەر دەستت بێت وا هەست بكات جێگەیەكی حەساوەی هەیە و تاوەكو بخەوێت، یان بۆ ئەوەی پشوو بدات..

چەند ڕێگەیەكی تازەوە دانراوە بۆ ئەوەی دایكان چۆن بتوانن منداڵەكانیان لە باوش بنێن یان لەسەر دەستیانەوە بێت، ئەم ڕێگانەش لەلایەن پسپۆر و زانستەكانەوە ئاماژەی پێكراوە و سەركەوتنێكی تەواوی بەدەستهێناوە. ڕێگاكانیش بریتیە لەم شێوەیانە:

- منداڵەكە پاڵكەوتبێت و تۆش دەستەكانت بەم شێوەیە دابنێ: دەستێكت لەسەر سەری بێت و دەستەكەی دیكەش لە نێوان پشتی و نزیك ڕانی..
- منداڵەكە لە باوشت بێت و هەردوو دەستەكانت یەكێكیان لەلای چەپەی و ئەوەی دیكەش لەلای ڕاستی منداڵەكەوە دابنێ..
- منداڵەكە لەسەر لاتەنیشتێكی درێژ ببوو، تۆش دەستت لە نێوان ڕانیەوە بخەرە سەر سكی بۆ ئەوەی هەست بكات لەسەر شتێكەوە پاڵ كەوتووە. ئەمە بۆ هەڵگرتنی منداڵیش دەبێت بەڵام بە هەردوو دەستەوە..
- كاتێك منداڵەكەت لەسەر سك درێژ دەبێت، چاكترە دەستت بخەیتە سەر نێكی منداڵەكە بۆ ئەوەی هەست بە جووڵە نەكات، هەروەها تاوەكو منداڵەكە هەست بكات شتێك هەیە لە پشتیەوە..

# مۆدەی جۆرە پێڵاوێک بۆ كۆتایی زستان و سەرەتای بەهار



بۆ وەرزی زستان و كاتە ناسكەكانی نێوان وەرزی زستان و بەهار جۆرە مۆدەیەكی تازە و جوانی پێڵاوی خانمان دەرەوە بەرهەم هاتووە، ئەم جۆرە مۆدەیە وەك پێداویستیەكی ناسك و بە شێوازێكی جوانەوە لەگەڵ گشت پۆشاكێكی ئەم وەرزە یان ئەم كاتە دەگونجێت.

شێوەیەكی ناسكی هەیە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی شێوەی پێشتەوەی نووك، واتە (تیژ) بۆتەوە، لەگەڵ بوونی پاژنەیەكی باریك لە دوواوە..

ئەم جۆرە پێلاوە زیاتر لەگەڵ تەنوورە و پانتۆڵی قوماش دەگونجێت، بەهۆی ئەوەی لە ڕەنگ و شێوازێكی تازەوە درووست كراوە و، كاتێك لە پێی دەكەیت هەست بە قوڕسی ناكەیت، بەڵكو وا هەست دەكەیت كە هیچت لە پێ نییە. جوانی ئەم مۆدە پێڵاوە لە جوانی شێوەی پێشەوەیەتی، كە بە نەخش یان شتی جوانەوە نەخشێنراوە.



ڕەنگی ئەم جۆرە پێڵاوە تازەیە بریتیە لەم ڕەنگانە: ڕەش – ڕەساسی – شەكەری – سپی –ڕەنگی شیری. ئەم ڕەنگانەش دەبێتە ئەم جۆرە شێوە ڕەنگانەی كەوا لەگەڵ گشت جۆرە ڕەنگێكی جلوبەرگ دەگونجێت، هەروەها بۆ وەرزەی ئێستا و داهاتوو دەبێتە مۆدە و لەگەڵ دەگونجێت ڕەنگی بەهار و هەروەها، دوو شێوازی هەیە:

یەكێكیان ئەوەیە لە پشتەوەی پێڵاوەكە كراوەیە و بە داوێكەوە دەبسترێت ئەوەی دیكەش داخراوە و ڕاستەوخۆ لە پێ دەكرێت.







# هێلکەی برژاو لە شێوەی دەمانچە

بۆ ئەوانەی کاری توند و تیژی ئەنجام دەدەن یان بۆ ئەوانەی گرووپی مافیا و چەکدارە تایبەتەکان پێکدەهێنن و حەز بە چەك دەکەن وەك (دەمانچە)، لەلایەن کۆمپانیایەك لە شاری (هۆنگ کۆنگ) جۆرە مەقلیەکی هێلکە برژاندن دابهێنن کەوا کاتێك هێلکەی تێدا سووردەکرێتەوە بە شێوەیەکی جوان و دەربکەوێت..
ئەم شێوەیەش بریتیە لە دەرچوونی بە شێوی (دەمانچە) لەناو ئەو مەقلیەی کەوا هێلکەکەی تێدا دانراوە، ئەمەش تایبەت بۆ ئەو کەسانە دروست دەکرێت و ئامادە دەکرێت، کە داوای ئەم جۆرە خواردنە دەکەن بەتایبەت بۆ خواردنی بەیانی، لەگەڵ ئەوەی ئەم جۆرە خواردنە بۆتە شتێکی بە نرخ لەم وڵاتە و ماوەیەکی نزیکە لە سەرتاپای جیهان کاری لەم شێوە دەکرێت، کە خواردن لەسەر شێوەی جوان و تایبەت درووست بکرێت، بە حەز و ویستی تاکەکان.

## ئەم ئۆتۆمبێلە لە دەنکە (شخارتە) درووست کراوە



بۆ ئەوانەی حەز بە جۆری ئۆتۆمبێلە وەرزشیەکان دەکەن کە بۆ بواری پێشبرکێ وەرزشی بەکاردەهێنرێت، کاتێك ئۆتۆمبێلی (فرمولاوەن) لە جۆری ئۆتۆمبێلی مەرسیدیسی ئەڵمانی دەبێتە خاوەنی یەکەم نازناوی پاڵەوانیەتی جیهانی لەم پێشبرکێیە، بۆیە گەنجێکی ئەم وڵاتە واتە ئەڵمانیا هەڵدەستێت بە درووست کردنی شێوەی ئەم جۆرە ئۆتۆمبێلە، بەڵام تەنیا بە بەکارهێنانی دەنکە (شخارتە)!
ئەم گەنجە ناوی (مایکل ئەرندت)ە و تەمەنی (٢٨) ساڵە، بە دڵێکی فراوانەوە و بۆ ماوەی (٦)ساڵ توانی ئۆتۆمبێلێکی تەواو درووست بکات و بە جوانترین شێوە بیرازێنێتەوە. نزیکەی زیاتر (١) ملیۆن دەنکە شخارتەی بەکارهێناوە، واتە نزیکەی (٢٠٠٠) پامەتی شخارتە. لەگەڵ ئەو هەموو ماندوو بوونە لەلایەن کۆمپانیای مەرسیدیس بری (١٠) هەزار دۆلاری پێشکەش کراوە بەرامبەر بە کڕینی ئەم ئۆتۆمبێلە نموونەیە کە تەنیا لە دەنکە شخارتەوە درووست کراوە. ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە یەك دەنکە شخارتە لە جەستەی ئوتۆبێلەکە دیارناکەوێت چونکە چەندین ماددەی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی شێوەی ئوتۆمبێڵەکە دیارنەکەوێت کە لە دەنکە شخارتەوە درووست کراوە.

## میوانخانەیەک لە بەفر

لە باکوری سوید لە نزیك جەمسەری باکور لە ساڵی ١٩٩٠-وە ساڵانە پاش هاتنی وەرزی سەرماو سۆڵە میوانخانەیەك لە لایەن ژمارەیەك لە ئەندازیار و هونەرمەندەوە بەشێوەیکی جوان و رەنگین لە بەفر دروستدەکرێت، میوانخانەکەش پاش دروستکردنی تەنها بۆ ماوەی چەند مانگێك دەمێنێتەوە، لەبەرئەوەی لە کۆتایی بەهارو سەرەتایی وەرزی هاویندا کاتێك کە پلەکانی گەرما بەرزدەبنەوە، میوانخانەکە دادەرمێتو دەتوێتەوە، پاشان لە وەرزی سەرمادا دیسان دروستدەکرێتەوە، ئەم کارەش ساڵانە بەردەوامەو چەندین هونەرمەندی پەیکەرسازیش لە جیهاندا ساڵانە بەکارە هونەرییەکانیان بەشداری لە دروستکردنی ئەو میوانخانەیەدا دەکەن.
ئەوەی لەم میوانخانەیەدا بەدیدەکرێت ئەوەیە ساڵانە کە دروستدەکرێتەوە هەر جارەو بەشێوەیەکەو چەندین شێوازی هونەری ناوازەشی تێدا بەکاردەهێنرێت، میوانخانەکە هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ میوانخانەی ئاساییدا، تەنها ئەوەنەبێت سەرجەم ئامێرەکانی ناوی لە بەفر دروستکراوە، هەر لە ژووری خواردنەوە تا دەگاتە ژووری نوستن.





# پێڵاوێکی بەرز بەبێ (کعب) درووست کرا



پاژنە بەرز (کعب عالـی) یەکێکە لەو جۆرە پێڵاوانەی کەوا لەلایەن ئافرەتانەوە گرنگـی پێدەدرێت لەگەڵ ئەوەی جۆرێکە لـە مۆدەی پێڵاوی خانمان، بەڵام ئەوەی سـەیر بێت دەربارەی پێـڵاوی پاژنە بەرز لە شـاری (لەنـدەن)ی بەریتانی لەلایەن دیزاینەرێکی پێڵاو درووسـت کردن توانی جۆرە پێڵاوێکی پاژنە سەیر درووست بکات. بەمەش دەبێتە یەکەم داهێنانی جوان و لە هەمان کاتیشـدا سەیرە چۆنکە شتێکی تازەیە. ئەمەش لەلایەن (ئەنتۆنیـۆ بیراردی)یە، کە پێڵاوێکی بەرزی درووسـت کرد، شـێوەیەکی بەرزی هەیە بەڵام بەبـێ پاژنە، واتە ئەو پارچەی دواوەی پێوە نییە، بەڵکو تەنیا قورسایی پێ دەخاتە سەر بەشی پێشەوەی پێڵاوەکە، بەم شـێوەیە پێڵاوێکی لەم شێوەیە درووست کـراوە بۆ ئەوەی ببێتە جـۆرە مۆدەیەکی تازەی بواری پێڵاوی خانمانە. ئەمەش کارێکی تازەیە جگە لەوەی دەبێتە داهێنانێکی سەیر بۆ ئەو کەرستە سەیرانەی کەوا درووست دەکرێت. نرخی ئەم پێڵاوە دەگاتە (٣٠٠٠) سـێ هەزار دۆلار واتە (٣٠) وەرەقەی لای خۆمانەوە، دەبێ کێ ئەم جۆرە پێڵاوە لەپێکات.

## پیاوێک لە هەولێر نزیکەی (٢٥) ساڵە پاقلە دەفرۆشێت

ئەوەی شـەوێك یان ڕۆژێك بە بازاڕی ئیسـكان بڕوات بێگومان ئەم پیاوە دەبینێت کە ماوەی تەمەنی گەنجێکە لەم شـوێنەیە، کاری ئەم پیاوەش فرۆشتنی (پاقلە)یە. نزیکەی (٢٥) ساڵەوە ئەم پاقلە بەتامەی (پشتیوان فارۆق) بەردەوامە بـۆ ئەوانەی حـەز بە خواردنی پاقلە دەکـەن، ئەم پیاوە لە دایك بووی سـاڵی (١٩٧١)ە، ئێستا تەمەنی گەیشتۆتە (٣٧) سـاڵە و هەر لە تەمەنی (١٢) سـاڵیەوە کاری پاقلە فرۆشی دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا پاقلەیەکی بەتامی هەیە و ڕۆژانە چەندین کەس لە شـاری هەولێرە بەتایبەت سەردانی ئیسکان دەکەن بۆ ئەوەی ژەمێکی پاقلەی (پشتیوان) بخۆن، هەروەها ئەو کاتەی لەلای پشتیوانی پاقلە فرۆش وەستابووم، لەمـاوەی (١٥) خولەکە (٣) ئۆتۆمبێـل داوای جێگەی پاقلەی سـەفەریان کرد. ئەمەش دەبێتە تەمەنێکی زۆر لەم کارە و کـە لەلایەن ئەم پیاوەوە بەسـەری بردووە و ڕۆژانەی ژیانی خێزانی ئەم پیاوە هەژارە لەسەر ئەم کارەی وەستاوە.



## ئافرەتێک (٥) کچی بە جارێک دەبێت



دوای ئەوەی ئافرەتێکی وڵاتی ڕووسیا بەناوی (فارفارا ئەرتامکینـا) خاوەنی سـکێکی گەورە دەبێـت لەماوەی سـکپڕی، لەگەڵ مێردەکەی کە ناوی (دیمیتری)یە، لە چاوەڕوانی منداڵێکدا دەبن، کەچی دوای پشـکنین پێش مـاوەی هاتنی منداڵەکان، بۆیان دەرکەوت کەوا سـکەکە بریتیە لە زیاتر لە منداڵێك..

بەم شـێوەیە دەبێتە هەواڵێکی خۆش بۆ ئافرەت و پیاوەکە تاوەکو لە چاوەڕوانی دوو کۆرپە بن، کاتێك کاتی منداڵبوون نزیـك دەبێتەوە بۆیە بڕیـار دەدەن کـەوا منداڵەکانیان لە وڵاتی بەریتانیاوە ببن، ئەمە دوای ئەو گەشتەی بەیەکەوە ئەنجامی دەدەن، دوای ژانێکی زۆر ئافرەتەکە دەبردرێت بە نەخۆشخانەی لە دایك ببوون و لەناکاوێك ئافرەت و پیاوەکە دەبـن بە خاوەنی (٥) منداڵی جمـك، ئەمەو ماوەی (٧) ساڵە ئەم خێزانە و ئافرەتە هاوسـەریەتیان پێکهێناوە و بەم (٧) سـاڵە دەبن بە باوك و دایکـی حەوت کۆرپە. ئەوەی سـەیر بێت هەر (٥) منداڵەکە کچـن، تا ماوەی مانگێك زیاتر خێزانە (٥) منداڵیەکە لە شـاری (ئۆکسـفۆرد)ەوە ژیان بەسەر دەبەن پاش کۆتایی گەشتەکەیان دەگەڕێنەوە بۆ وڵاتی دایك کە (ڕووسیا)یە.

## درێژترین بەدللەی بووک لە جیهاندا دروست کرا

ئاژانسی هەواڵی چینی (شنگوا) دەربارەی ئەم بەدللەی بووکە ئەم هەواڵەی بڵاوکردەوە کە تیایدا زانیاری داوە لەسەر درێژترین بەدللەی بووک لە جیهاندا، ئەم بەدللەیە بۆ مۆدەی بەدللەی ساڵی (٢٠٠٨)، کە بە درێژترین و گەورەترین شێوە ئامادە کراوە. بەمەش



دەبێتە درێژترین بەدلە لە مێژووی دروست کردنی جلوبەرگی بووك..

درێژی بەدللەکە دەگاتە (٩٩٩) مەتر، ئەمەش درێژییەکی زۆرە بۆ جلوبەرگی مرۆڤ ! تا ئێستاش لە هۆڵێکی گەورەوە نمایش کراوە لە شاری (دالیان)، کە دەکەوێتە باکووری رۆژهەڵاتی شاری (لیاوننگ)! وەکو دەبینن، چۆن لە شوێنێکی بەرز دانراوە و درێژییەکەی دابەش کراوە لە هۆڵەکە چونکە ئەگەر وانەبێت، دەبێت لەسەر زەوی دابنرێت. ماوەی دروست کردنی ئەم بەدللەیە گەیشتە (٣) مانگ، چەندین کەرستە و ماددەی بۆ بەکارهێنراوە تاوەکو بە ئەنجامی دروست کردنی بەدللەکە گەیشتوون ! بەمەش دەبێتە درێژترین بەدللەی بووک لە جیهاندا.

## چێشتخانە و ئوتێل لەناو ف



لەلایەن کۆمپانیایەکی فەرنسیەوە جۆرە چێشتخانە و ئوتێلێکی سەیر دروست کراوە، واتە لەمەودوا دەتوانیت نان بخۆیت و لە ئاسماندا بفریت ! ئەمەش بەهۆی ئەم فرۆکە سەیرەی کەوا لە شێوەی فرۆکەکانی ناو فیلمی کارتۆنی دەچێت و لە ژێرناوی (تەندەر بێرد) دروست کراوە.

نزیکەی (٤٠) کەس هەڵدەگرێت و بۆ ئەوەی گەشتی ئاسمانی بچووک ئەنجام بدەن و بتوانن لە ئاسمانەدا کاتێکی




وامەزانن ئەم ئوتۆمبێلە بچووکە تەنیا بۆ یاری کردنی منداڵان دروست کراوە، لەوانەیە لە شوێنێکەوە ببینن فڕێی بدەن بەڵام گەر وابکەن دواتر پەشیمان دەبنەوە. ئەم ئوتۆمبێلە بەبۆنەی دامەزراندنی کۆمپانیای (هۆت ویلز)ی ئەمەریکی کە تایبەتە بە دروست کردنی ئوتۆمبێل دروستکراوە، بۆیە ئەم ئوتۆمبێلەیان دروست کرد لە (ئەڵماس).

تاکو هێمایەك بۆ ئەم کۆمپانیایە تاوەکو ببێتە نیشانەیەکی

## نمایشێک بۆ وێنە و نەخش لەسەر جەستەی مرۆڤ



جۆرە وێنەکێشانێکی سەیر پەیدابوو، ئەمەش دەبێتە یەکێك لەو کارە سەیر و سەمەرانەی لەلایەن چەند هونەرمەند و شێوەکار بۆ ئەوەی شتێکی تازە بهێننە کایەوە تاوەکو نازناوێکی پێ وەرگرن، هەروەها شتێکی تازە بدۆزننەوە لە بواری وێنەکێشان لەسەر جەستەی مرۆڤ.

لە وڵاتی ئۆکرانیا لە نمایشێکی تایبەتدا دەبێتە پێشبڕکێ بۆ چەندین وێنەکێش و ئەوانەی نەخش دەکەن لەسەر جەستەی مرۆڤ. کە توانیان چەندین نەخش و وێنە لەسەر جەستەی کچان و ئافرەتان بکێشن، ئەم وێنانەش هەر یەکە بە مانای خواستی ئەو وێنەکێشانەیە کەوا بەشداریان کرد لە نمایشەکە. وەکو دەبینن لەلایەن ئەم خانمەوە وێنەیەکی منداڵی دروست کردووە لەسەر سینگی ئافرەتێك. ئەم نمایشە بووە هۆی جێگەی سەرسوڕمانی ئەو خەڵکەی کە بەشداریان کردبوو لە نمایشەکە. زیاتریش ئەو ئافرەتانەی هەڵبژێردرابوون بۆ ئەوەی وێنە لەسەر جەستەیان بکێشرێت دەبوایە بەشی زۆری جەستەیان ڕووت بێت و ئەمەش بۆ ئەوەی وێنە و نەخشەکان بە جوانی و ڕوونی دەربکەوێت!

## ـــــــرۆکەیەکی گەشتیاری



خۆش بەسەر ببەن.

ئەم فرۆکەیە لەلایەن کۆمپانیای (ماسۆ) دروووست دەکرێت و لە ماوەیەکی نزیك لە داهاتوودا دەبێتە فرۆکەیەکی گشتی بۆ هەر کەسێك، کە بیەوێت گەشتی ئاسمانی ساز بکات لەسەر داواکاری خۆی. تا ئێستا یەك نموونەی لەم جۆرە فرۆکەیە درووست کراوە و لە داهاتووشدا دەبێتە فرۆکەیەکی گەشتیاری بۆ ئاسمان!

## ئەم ئوتۆمبێلە تەنیا لە (ئەڵماس) درووست کراوە

تایبەت بۆ ئەوەی زیاتر لەم جۆرە ئوتۆمبێلە بەرهەم بهێنن، نزیکەی (٢٧٠٠) پارچە ئەڵماسی بچووکی تێدا بەکارهێنراوە بۆ ئەوەی ئەم ئوتۆمبێلە بچووکەی لێ درووست بکرێ. هەروەها ئەگەر ئەم ئوتۆمبێلە بفرۆشرێت نرخەکەی دەگاتە (٥٠٠٠٠٠) هەزار دۆلار. لەگەڵ ئەوەی بڕێکی کەمی زێڕی تێدا بەکارهێنراوە وەك درووست کردنی (تایە) و بەشی خوارەوەی ئوتومبێلەکە!

## ئەم منداڵە ڕۆژانە (٦) ژەم دەخوات و ناتوانێت بڕوات

ڕۆژانە (٦) ژەم نان دەخوات، بەردەوامیش دەمی دەجوولێت چەندین پشکنینی بۆ ئەنجامدراوە، بەڵام بەبێ ئەوەی چارەسەری بۆ بکرێت، ئەمە چیرۆکی ئەم کچە تەمەن (١٢) ساڵەیە کە لە وڵاتی ئوسکەتلەندا دەژییێت. کێشی ئەم منداڵە تەنیا (١٥) کیلۆگرامە و لەوە زیاتر نابێت. سەرەڕای ئەوەی پیشانی



نزیکەی (١٣٠) دکتۆری پسپۆری مندڵان دراوە بۆ ئەوەی چارەسەری بکەن.

منداڵەکە ناوی (ئیلی وایزمان)ە و باڵای (١٢٠) سەنتیمەترە واتە بڕێك زیاتر لە مەترێك، هەروەها ناتوانێت بۆ ماوەی زیاتر لە (٩٠) مەتر بڕوات بەهۆی بێ تاقەتی و بێهێزی جەستەی، چەندین چارەسەری بۆ کراوە کەچی بێ سوودە و ئەنجامیان نییە. ڕۆژانە دەچێتە قوتابخانە بەهۆی ئەم کورسیە کارەباییەوە هاتوچۆ دەکات، چونکە ناتوانێت وەك هەر منداڵێکی سادەوە جووڵە بکات. بەمەش دەبێتە یەکەم حاڵەتی لەم جۆرە نەخۆشیە کە چارەسەری بۆ نییە، چونکە سوود لە خواردن وەرناگرێت، کەچی ڕۆژانەی ژیانی ئەم منداڵە نان خواردنە!

## ئەم گەنجە لە بەرزایی (٢٤) مەترەوە خۆی دەخاتە ناو هەندێک ئاو



ئەو برادەرە وادیارە لەخۆی بێزارە و دەیەوێت کارێکی وابکات گشت جەستەی بشکێت، ئەمەش بەهۆی ئەوەی خۆی ئامادە کرد بۆ نمایشێك کە بریتیدە لە بازدان لە شوێنێکی بەرزەوە بۆ ناو بڕە ئاوێکی کەم، کە هەر کەسێك ئەم کارە بکات دەرناچێت و دەمرێت.

بازدانی ئەم کوڕە گەنجە بە دڵخۆشیەوە کە ناوی (جۆ ئیجان)ە و خەڵکی وڵاتی ئەمریکایە و لە شاری (مارتن) لە ویلایەتی فلۆریدا ئەم کارەی ئەنجامدا، بەرزی ئەو شوێنەی ئەم گەنجە لێوەی بازی داوە دەگاتە (٢٤) مەتر، بەمەش دەبێتە کارێکی سەیر بۆ ئەوەی لەم بەرزیەوە مرۆڤ بکەوێتە خوارەوە. کاتێك بازدەدات و خێرایی گەیشتە (٦٠) میل لە کاتژمێریکدا. ئەمەو توانی بە سەرکەوتوویی بازەکەی جێبەجێ بکات بەبێ ئەوەی هیچی بەسەر بێت یان ئازار بخوات، چونکە قوڵایی ئاوەکە تەنیا (٥) مەتر بوو، بەمەش دەبێتە ترسناکترین حاڵەتی بازدان چونکە بڕی ئاوەکە کەمە و دەبێتە هۆی کارەسات بۆ ئەو کەسەی بازەکە دەدات.



# جوانترین وێنەی نێوان (ڕۆژ و شەو)

لەوانەیە زۆر بیر بکەنەوە لەوەی نێوان ڕۆژ و شـــەو چۆنە، واتە چۆن ڕۆژ دێت و شـــەو نامێنێت، یان کاتێك خۆر ئاوا دەبێت دواتر تاریکی دێت! لەم وێنە جوان و سەیرەوە بۆتان دەردەکەوێت کە نێوان ڕۆژ و شـــەو چۆنە، یان ئەم هێڵەیە کە وەك هێل دەردەکەوێت واتە ئەو هێڵەی نێوان تاریکی و ڕووناکی..

ئەم وێنەیە لە بۆشایی ئاســـمانەوە وەرگیراوە کاتێك هێلی نێوان ڕۆژ و شـــەو دەکەوێتە سەرتاپای جیهان، لە وێنەکەدا جیهان لە بەر چاوت دەبێت و ئەوەی دەکەوێتە ناو ڕووناکیەکە لەم شوێنانە ڕۆژە و ئەوەی دیکەش شەوە، وەك دەبینن چۆن ڕووناکی کارەبا لەم شوێنانە دیارە کە شـــەوە، ئەم وێنەیە لەلایەن کەشتی ئاسمانی (کۆلۆمبیا) وەرگیراوە. جیهان لە ســـەرەوە بەم شـــێوەیە کەوا دەیبینن و مرۆڤ ئەوەندەی میروولەیەك دەبێت، کەچی ئەوەندەش مرۆڤ لە گەورەیی خۆی تێناگات کە چۆن ژیان بەســـەر ببات، ئەمە دەبێتە جوانترین وێنەی ئەمساڵ کە تا ئێستا بڕیاری لەسەر درابێت !



# وێنەیەکی سەیر بۆ فێڵکاری چاو

ئەمە وێنەی شێوەیەکە لە دارەوە درووست کراوە و وەك وێنەی فێڵکاری چـــاو ئامادە کراوە، ســـەیری ئـــەم وێنەیە لەوەدایە کە چـــۆن دانراوە و یان شـــێوەکە چۆنە! چونکە لە ناوەڕاســـتەوە پارچەیەك هەیە لە وێنەکە دیارناکەوێت چۆنە، مەبەســـت بە چ ئاراســـتەیەك دانراوە. ئەگەر بێت و بە جوانی ســـەیری وێنەکە بکەیت کە سێبەری پارچەکەی ناوەڕاست لە ژێـــرەوە دەرچـــــووە و بـــەم شـــێوەیە دەزانـــــیت کەوا پارچەکەی ناوەڕاست بەرەو خوارەوە دانراوە.

# هێمای دڵێک لەسەر جەستەی بەرازێک

ماوەیەك پێش ئێستا هەواڵی ئەم سەگەمان بڵاوکردەوە کەوا شێوەی دڵێکی لەســـەر پشت بوو، بەڵام بۆ ئەمجارە گیاندارێکی دیکەش بەم شـــێوەیە بووە، کە ئەویش بریتیە لەم بێچووە بەرازەی شێوەی دڵێك لە کۆتایی ناوەڕاســـتی پشتیەوە هەیە. خاوەنی ئەم بەرازە ناوی (نەتاشا گۆخ)ە، لە وڵاتی کەنەدا دەژێیت..

کاتێك ئەم بەرازە دەبێت ســـەرەتا هێمای دڵەکە بچووك دەبێت، بەڵام لەگەڵ گەشەکردنی جەستەی بەرازەکە هێمایەکەش زیاتر دەرکەوتووە، لەگەڵ بوونی دوو شـــێوە نەخشی دیکە لە نزیك هێمای دڵەکە هەیە، بەڵام دوو هێمایەکەی دیکە مانای هیچ شـــتێك نادات، تەنیا هێمایە! درووستبوونی ئەم هێمایانە بەم شێوەیە:

ڕەنگی تووکی ئەم بەرازە (ســـپی)یە، تەنیا هێماکان لە ڕەنگێکی ڕەشـــەوە دەرکەوتووە، بەڵام تا ئێســـتا کەس لەم هێمایە تێنەگەیشتووە کـــە چۆن لە شـــێوەی دڵ دەرکەوتووە. بەمەش دەبێتـــە هێمایەك بۆ خۆشەویستی چونکە هێمای خۆشەویستی لە جەستەیەوە هەیە!





# کەلـــوەکـــان

## کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩



ماوەیەکە بـــەرەو چەند هەنگاوێکی هەڵە ڕۆیشـــتووی، هەنـــدێ کەس پشـــتت تێ دەکەن گوێ مەدەرێ و تێیبپەڕێنە. بەڵام بەگشـــتی هەست بەگۆڕانکارییەکی گەورە دەکەیت، هەوڵبدە زوو هەڵمەچوو،هەلی لێك گەیشـــتن و چارەسەری زۆر دەڕەخسێ لەدەستی خۆتی مەدە، ساڵێکی دوورودرێژت لەبەردەمە بۆگۆڕانکاری.

## گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠



لەلایەنی ســـۆزو خۆشەویســـتیەوە بە ئاشـــکرایی و بەبێ پەردە پێی بڵێ کە ماوەیەکە لەدڵت پیرۆز بووە. ماوەیەکە بەهەڵـــە لەخـــۆت دەگەیـــت ماوەی داهاتـــووت دەبێت ســـاتەوە بەختێکی خۆش بۆ ئەوەی لەگەڵ کەســـانی نزیکت بەشدار بیت تاوەکو هەست بە رابردووە ناخۆشەکان نەکەیت و بۆ کاتێکی دیکە ئامادە ببە، چونکە ڕووبەڕووی کەسێك دەبیتەوە کە دەیەوێت هەستەکانت بزانێت و بچێتە ناودڵت.

## دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠



خۆت ئامادەکە ڕووبەڕووی کەســـێك دەبیتـــەوە کە دەیەوێت هەســـتەکانت بزانێـــت و بچێتـــە ناودڵت.دڵـــت گـــەورە بێ بۆ کێشـــەکانت. هەموو کاتێك بەقووڵی مەچووە نێوباسەکانت.مەترســـە لەداهاتوو لەگەڵ ئەوەی شـــێوازت بگۆڕە. دڵت گەورە بێ بۆ کێشـــەکانت. ڕێگەی سادە بگرە بۆ هاوڕێکانت.

## قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢



پێویستە لەسەر ئەو کەسەی نیازی دڵی تۆی هەیـــە کاریگەرییەکانی کەم بکاتەوە و ڕێگەیەکی ســـادەت پێبدات تاوەکـــو تێبگەیت، گرنگی بەدوا هەنگاوەکانت بـــدە و مەهێڵە ڕێگەکانـــت لێ بزر بێـــت. لەگەڵ ئەوەی تۆ کەسێکی باشـــی کاریگەر مەبە بەو قسانەی کەخەڵك لـــەدوات دەکەن، بەڵکـــو متمانەت بەخۆت هەبێت و لەم لایەنە بەسادەیی بڕوانە.

## شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢



خەریکە کەسایەتیت لەبیر دەکەیت، شـــێوازی مامەڵەت بەرەو خراپی ڕۆیشـــتووە، زۆر کـــەس بە هەڵە لێت گەیشـــتوون، شێوازێکی تازە هەڵبژێـــرە تاوەکو ژیانت لـــەم دوو دڵیە دوور بکەیتەوە، لەگەڵ ئـــەوەی کارێکی گرنگت لە پێشـــە بۆ ئەوەی لە ئاراســـتەی دڵی ئەو کەســـە بگەیت بزانیت چ مەبەستێکی هەیە بەرامبەرت.

## گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢



تۆکەســـێکی کراوەی بـــۆ ژیانی تایبەتیـــت بەکراوەیـــی بڕوانـــە، بۆئـــەوەی لەخـــەون و ئاواتەکانت نزیـــك بیتەوە،تەنها چەند هەنگاو و کارکردنێکی دەوێت، ئێستا کاتێکی باشە. کەســـێك لەدڵەوە بۆت دێتە پێشەوە و ڕێگەیەکـــی تازەی بۆ بـــدە ئەویش مانای گەورەیی تۆی دەوێت، هەموو کەســـێك خەم دەخوات بەڵام وەك تۆ ناکات.

ئیـــوان گـــەردی

# کەلـــوەکــان

## تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢



ئـەو كاتەی ئێستات گرنگە بۆ دەستنیشانكردنی داهاتوو و وەرگرتنی هەستەكانت لە كەسی بەرامبەر. بتوانە زیاتر كاریگەر نەبیت بە هەڵەكانت، بەردەوام بەدوای زانستی نوێ بگەڕێ چونكە چارەسەری كێشەی تۆ پێویستی بەیارمەتی زیاترە. كەل وپەلی نێوماڵەكەت ڕێكبخە میوانێكت بەناوەخت دێت.

## دووپشك ١٠/٢٣ - ١١/٢١



دوودڵی لەزۆر كار بۆیە هەردەم وادەزانی دونیا بەسەرپشتی تۆوەیە. هێمن ولەسەرخۆ كارەكانت ئەنجام بدە. گرنگی لە هەنگاوی هەڵەی كەسانی دیكە وەربگرە، لەبوارێكی تازەوە كارەكانت دەبینیتەوە و، ئەمەش دەبێت بەتەواوەتی كاری بۆ بكەیت، ماوەیەكە كارەكانت بەرەو نوێ بوونەوە دەچێت.

## كەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١



هەندێ كات تەرخان بكە بۆئەوكەسەی كەخۆشت دەوێ بە گفتوگۆ چارەسەری تەواوی مەسەلەكان بكە،ماوەیەكە هەست بەتەنیایی دەكەی بۆیەهەرزوو خۆت لەوحاڵەتە دەربازبكە.مەهێڵە كەسی دیكە بەشداری نهێنیەكانت بێت، كەسێكی سەركەوتووی لەپەیوەندی بەستن ئەمەش بەهۆی زیرەكی خۆتە، مەهێڵە ناكۆكی بكەوێتەنێوان تۆ وخۆشەویستەكەت.

## گیسك ١٢/٢٢ - ١/١٩



بەپێكەنین دەتوانی زاڵ بیت بەسەر زۆركێشە. خۆشترین ڕۆژت دووشەممە دەبێت،لەم ماوەیە هاوڕێیەكت پەیوەندیت پێوەدەكات هەواڵێكی خۆشت پێدەدات. شێوازێكی تازە هەڵبژێرە بۆ جلوبەرگ، بیركردنەوەی بەردەوامت بۆپێكهێنانی سامانێكی زیاتر لەبەرژەوەندی تۆدانیەوهاوڕێكانت هەراسان دەبن.

## گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨



كاری ئێستات بۆ داهاتوو دوامەخە و مەترسە لە هەستەكانت، هەنگاوەكانت لەم مانگەدا چارەنوست دیاری دەكەن، هەست بەخەمێكی زۆر دەكەی، لەخۆرا هیچ گرێ بەستێك ئیمزا مەكە، شت گەورە مەكە بەڵكو هەولبدە هەنگاوەكانت لەسەرخۆ ئەنجام بدەی، واچاكە سەفەرێكی كورت بكەی، دەتوانی ئامانجەكانت بەدی بێنی.نەرم ونیان بە.

## نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠



بەرەو چەند گۆڕانكاریەك دەچی كەلە بە ڕژەوەندی تۆدایە. خۆشترین ڕۆژت ئەو كاتەیە لەگەڵ خەۆشەویستت دەبێت. لەبواری خۆشەویستی هەنگاوێكی باشت ناوە. هاوڕێكانت فەرامۆش مەكە چونكە تۆیان خۆشدەوێ. ڕێگەی تازە هەڵبژێرە بۆ كارەكانت لە نزیكەوە ئاگاداری هەنگاوەكانت ببە، ماوەیەكە زۆر بیر لە ڕابردوو دەكەیەوە ئەوەش باش نییە.

iwan_gardi@hotmail.com



*** بەپڕكردنەوەی بازنەكان ناوی خاوەنی وێنەكەت بۆ دەردەچێت**

ئامادەكردنی: هێمن قەسرەیی

### ئاسۆیی

١- گۆرانیبێژێكی كوردە- سێ پیت لە(هاژە)
٢- منداڵی بچووك(پ)-ژنە گۆرانیبێژێكی كۆچكردووە- كەلوویەكە(پ)
٣- دوو پیت لە(جوان)- ئەویندارى(زین)- خواردنێكە
٤- وڵاتێكی كیشوەری ئەفەریقایە- نەخۆشییەكە(پ)
٥- شارێكە لە ئیتاڵیا(پ)- تینوو(ت)
٦- پۆستەری گۆرانیبێژ- سێ پیت لە(زۆربا)
٧- سێ پیت لە(زیكۆ)- نیوەی(ئێوە)(پ)
٨- ناوی یەكەمی ژنە شاعیرێكی ڕۆژهەڵاتی كوردستانە-دوا ئەلبوومی (هەردی سەڵاح) (پ)
٩- مەر(ت)- تەیارە
١٠- هێڵی شەمەندەفەر- كلیپی كارول سەماحە و مەروان خوری(پ)
١١- گۆڤارێكی مانگانەی ئەدەبیە- گۆرانیبێژێكی عێراقیە
١٢- سێ پیت لە(نارین)- پێچەوانەی(گەشبین)
١٣- یەكەم شەهیدی ئافرەت لە ئیسلامدا(پ)- گەشت
١٤ خەڵاتێكی جیهانییە- پێچەوانەی(تاریك)

### ستوونی

١- قۆناغێكی خوێندنە- كانزایەكە- كچان بەكاری دێنن
٢- ئەكتەرێكی زنجیرە درامای(سۆناتای زستان)ە-پێنج پیت لە (یەكسانی)
٣- وەكو یەكە- یەكەمی ڕیزبەندی خولی ئیتاڵیایە(پ)
٤- دوو پیت لە(سارد)-یاریزانی ئیتالیایە لە یانەی پاڵیرمۆ(پ)- نیوەی (شەمۆ)
٥- یاریزانێكی بەرازیلیە لە یانەی ئینتەر یاری دەكات- ڕەنگێكە(پ)
٦- وەكو یەكن- سەوز
٧- روخسار- چاك
٨- پیتی یەكەم و كۆتایی(عەزیز)- نیوەی(موسا)- زەردەخەنە(پ)
٩- بەرین(ت)- میسر(ت)
١٠- شارێكە لە باكووری كوردستان- فەرەنسا(ت)
١١- كات بە ئینگلیزی(پ)- خۆزگە- دووپیت لە(زیو)
١٢- یاریزانێكی ئیتاڵی بوو لە یانەی چێڵسی یاری دەكرد(پ)- وەكو یەكە- بڕۆن بە بادینی
١٣- ناوێكە- پەرتووك(پ)- وەكو یەكە
١٤- یاریزانێكی ئەرژەنتینی بوو(پ) كۆن(ت)

## بۆ زاخاوی مێشك

بۆ زانینی ئاستی زیرەكیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیكارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بكەرەوە كە لە كۆتایی ناوێكت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەكدا ناوەكە بدۆزیتەوە، بە سوود وەرگرتن لەم ئاسانكاریانەی خوارەوە:

**ئاسانكاری**

- پیتی خانەكانی (١+٢+٣ ) كۆ بكەیتەوە بە مانای (شتێكی بە نرخە ئافرەت لەبەری دەكات)
- پیتی (٣+٤+١ ) كۆ بكەیتەوە بە مانای (ئەو شوێنەی دار و باری لێوە دەچێنرێت گەورەتر لە باخ)
- پیتی (٥+٦+٧) كۆبكەیتەوە بە مانای (ناوێكی كوردی خۆشە)
- پیتی (١+٢+٧ ) كۆ بكەیتەوە بە مانای (باشە بە زمانی عەرەبی)!

*ئامادەكردنی: شاتان مستەفا*

*** وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (بێ كۆنترۆڵ) بوو**